# ئا، ئا، ڕەسەن، ڕەسەنایەتی... دژی نارەسەن

حەمەڕەشی هەرەس
hharas@gosympatico.ca

هاوبیری بەڕێزم هاوڕێ باخەوان، جگە لە وێبەکەی خۆی، لە پەستا بابەتی بە پێزو تێرو تەسەل لە سەر دۆزی کورد دەنووسێ. لە نووسینێکی ئەم دواییەیدا هاوڕێیەکی سەغڵەتکردووە، هەرچەندە کیراتەکەی نازانرێ بەڵام بە نووسینەکانیا دەردەکەوێ ئەمییشیان جۆرە چەپێکە و بە ناسیۆنالیزمی کوردەوە گرتوویەتی کە دەڵێم گرتوویەتی نا هەقم مەگرن، مەبەستم تانەوتەشەر نییە، ئەز هەنێك چەپی بوون بە دیاردەی مەیخواردنەوە دەچوێنم، هەیە دوو قاپ وێسکی دەخواتەوە چ بەڵای لێ نییە، هەشە بە پێکێ ئەفرێت و قسەی هەلەقو مەلەق دەکات، هەندێ چەپی بوونیش هەر وایە، هەیە هەر لە ئەسڵڵ عائیلەی ئەنگلز، ماتریالیزمی دیالەکتیك و مێژوویی، بەرهەمە کانی لینین، ترۆتسکی، بلیخانۆف، ماوزەدۆنگ و ستالینەوە پێیدادێت، تالە بەرهەمی زرپە مارکسییەکانەوە سەر دەردێنێت، بێئەوەی حاڵی لێبێت بۆیان، دەیخاتە سەر خەرمانی زانیارێکانی. هەشە بە نامیلکەیەکی ئەوانە دەبێتە عەنتەری مارکسی و ئەفەلسەفێنێ و پڕ دەداتە بیری نەتەوەیی و بە ناسیۆنالیستی کوردەوە ئەیگرێ. (جا نازانم دەزانێت بیری ناسیۆنالیستی کوردی جیایە و دۆزەکەی ڕەوایە و بەراورد ناکرێت بە ناسیۆنالیستی پەلامار پیشەی چولردەورەوە و نازیو فاشستەکانەوە؟) یان هەر کە وتت ناسیۆنالیزم، ئەم بۆی دەچێتە کەمینەوە. جا کە دەڵێم بە نامیلکەیەکی مارکسی، با نامیلکە نەبێت، کتێبخانەکەی پشتیسەری هەمووی هەر هەوبێت، کە گرتی ئەیگرێ و ئاوا ڕەنگ دەداتەوە یا ڕەنگی پێدەدەنەوە یان ڕاستر وایە بڵێین یەق ئەداتەوە یان یەقی پێدەدەنەوە.

جا ئەم دێڕانەی دوایی زۆرتر مەبەستم ئەم برادەرە نییە، چونکە ئەم (جارێك لە نالّ ئەدلت و جارێك لە بزمار) دەمێك دەڵیت کەرکوك لەناو جوگرافیای کوردستاندایە، جارێکیش ئەڵێت شارێکی زۆربە کورد نییە و چەند ئامارێکی بۆ بەڵگەش هێناوە.

کاکە گیان کەرکوك کوردوستانە یان نا؟

ئەگەر کوردوستانەو لەناو جوگرافیای وولاتی کورددایە، ئیتر هەرچی ئامار هەیە بۆ خۆی ووت. کام ئامارە؟ ئەو ئامارانەی ناسیونالیستە تۆرانییە کان نوسیویانە یان عارەبەکان؟

سەدان ساڵە تۆرانییەکان بە زۆر و بە بەرتیلدان کەرکوك بەتایبەتی و باشووری وولاتی کورد بەگشتی ئەتورکێنن، دەردی خۆت ئەڵێی زمانی بازرگانی و ئۆرۆستوکراتەکان بووە جگە لەوەش خەڵکە ساویلکەکەیان بەوە لە خشتە بردووە ووتوویانە ئەمە زمانی خەلیفەی پێغەمەرە ئەوە خەتەرترین ڕێگەی بە تورکبوون بووە، یەکێك بووە لە ئەرکەکانی ئیسلامبوونی نەخوێندەواری کورد. جچای ئەوەی زۆربەی ئەوانەی لەتۆمار کردندا دەسەڵاتیان بووە بەهەوەسی خۆیان خەڵکی شارەکانیان تورکانووەوە تەنانەت ناوی شوێنانیش، بۆ نموونە ئەوەتا سەدەهاناوی شار و شاخ و ناوچە هەیە تورکین, کوردیەکەی هەر لە بیرکراوە. ئەمە نەك هەر لەباشووری وولاتی کورد بەڵکو بەچڕیش لەباکووری وولاتەکەدا.

زۆرچاکم لە بیرە ناسیۆنالیزمی کوردی تا دوای پەنجاکانیش بەم شێوەیەی ئێستا بەرگری لەخۆی نەکردووە ئێستاشی لەسەر بێت وە بێگومانم لە داهاتووشدا، ناسیۆنالیزمی کوردی دیاردەو بیرێکی بەرگریکردنە لە دژی تواندنەوە و لەناوچوون ئیتر تۆ چۆن عەگا لو جامانە ئەخەیتە یەك خانەوە!!

بەڵێ ناسیۆنالیزمی کوردی بەرگریکردنە لە ڕەسەنایەتی کلتوورەکەی ئەو مەشکە و تۆراغەش کە بۆ تەڵفیسی کردن هێناوتەتە نووساندن، ئەویش بەشێکە لەکلتووری دێرینی و ئێستا باوی نەماوە کڵاو و جامانە و ڕانکوچۆغەی قاوەییش هەر کلتووری نەتەوایەتییە، کلتووری بەڕێزیشتان وەك لە وێنەکەتدا خۆیایە، ئەو قەمسەڵە یەخە داپچڕلو وە ئەو کراس و بلووزە مل فلّتەیە، کە سەیری دەکەین دەمانباتەوە سەر دەمی مەشکەژەنینەکە، لەوەش سەمەرەتر باکراوندەکەش شلرێکی ئەوروپایە، لەگەڵ جلەکانتا زۆر نەشازە.

باشە برالە؟

ئەی تۆ لە خۆتەوە شەلم کوێرم بۆ بیری نەتەوەیی دابەزیت هەر دەبێت ئەمە وەڵامەکەت بێت، ئیشەڵا ناچم ئامارت بۆ بپشکنم و دەردی خۆتان ئەڵێن عیلمیانە بەرەو پیرتان بێین.

با بە چرپەش ئەم نموونەیەت بۆ بهێنمەوە(کە پێویست بە ئامار ناکات): لێرە لە کانادا شارێك لە نزیکمەوەیە ناوی (دەلهی) یە زۆربەی دانیشتوانی هیندین بەڵام وولاتەکە کانادایەو باج (تاکس) بە وولاتی کانادا دەدەن ئەم شارەی منیش لێی دەژیم (کیچنەرە) پێشتر ناوی بەرلین بووە زۆربەیان ئەڵمانین و بەڵام باج بە کانادا دەدەن. ئیتر لەسەدا هەزلریشی ئەوانبن, نابێت بە شارێکی ئەڵمانی، ئەوی تریش نابێت بە شارێکی هندستانی. بەڵکو پاش یەك بلیۆن ساڵی تریش هەر شارانی کانادان.

کەرکووکیش هەر وایە، سبەینێ حکوومەتی کوردوستان درووستبوو، ئەوا تورکومان و ئاسوور و علرەب دەبێت دەستی لەرزۆکیان بکەن بە باخەڵیاناو وەك کوردەکەی تۆ بە کەمایەتییان دەزانیت (بەپێی ئامارەکانت) ئەبێ باج بدەن بە حکوومەتی کوردستان، یان حکوومەتی کوردی ناسیۆناڵ.

ئیتر تۆ بۆ تۆقیویت و لەوە دەترسیت سبەینێ لە کەرکووکا خوێن لاشە بەرێت، بەناوی کەرکووکی بوونتەوە، نەك خۆڵبکەیتە چاوی جەماوەر، بەڵکو کوێراییشیان دابهێنیت.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org